سەرکی یەکێتیی: هەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و راستکردنەوەی ڕێڕەوی حوکمڕانییە لەکەرکوك



بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کەرکوك لێگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا، زانای ئاینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی سنووری پارێزگاکە کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕەفعەت عەبدوڵا، ئاسۆ مامەند، شاڵاو عەلی عەسکەری، هاوڕێ شێخ دارێ و شێخ ئەحمەد حەمەکەریم، ئێندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕابوار تێهاں، سەرکی لیستی هاوپەیمانی کەرکوك هێز و ئیرادەمانە ئامادەبوو، بافڵ جەلال تاڵەبانی ستایشی ڕێ و پێگەی مامۆستایانی ئاینی و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کەرکوکی کرد لە هەشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، گێشپێدانی بیری میانڕەوی و قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان و ڕایگەیاند: "یەکێتی بۆ ڕزگاوە لە هەوڵەکانتان دڵنیایت و پشتگیریی هەر هەنگاوێکیش دەکات کە ئامانجی پڕڕێدانی گیانی تەبایی و پێکەوەژیان بێت لێنوان سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکوکدا".

لەدرێژی وتەکانیدا سەرکی یەکێتیی ئاماژەی بۆ بەرنامە سیاسی و خزمەتگوزاریەکانی هاوپەیمانی کەرکوك هێز و ئیرادەمانە کرد و ڕایگەیاند: "هەوڵەکانمان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات و ڕاستکردنەوەی

ڕووی حوکمانییە لە ناوچەکە، خزمەتکردنی کەرکوك و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی خەڵکە خۆاگرەکەی ئەرکی ئەمنیە، ئەمە لەسەر ڕەوی سیاستە دروستەکەی مام جەلال هەنگاودەنین کە خەی لە پاراستنی مافی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکوك دەبینەتەوە و بەهەموو شێوەیەك پاڕاوەزخستن و جیاکاری ڕەتدەکاتەوە".

بافە جەلال تاڵەبانی داوای لە کەرکوکییەکانیش کرد وەك چۆن لە ڕابردوودا مۆژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازیتان نووسیووەتەوە، ئێستاش بە هەمان ڕەحیبەتەوە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هاوپەیمانی کەرکوك هەز و ئیرادەمانە هەڵبژێرن، دەنگ بە لیستی ١٤٢ بدەن و شانازییەکی تر لە مۆژوودا تەماربکەن و بەرگری لە کوردستانیبوونی کەرکوك بکەن.

لەکەتایی کەبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی کراوە بەڕووچوو و لەبەرامبەر سەرنج و پێشنیارەکاندا سەرکی یەکەتیی وتی: "کەرکوك لە دەماندایە و ماڵی هەموو کەرکوکییەك، ماڵی من و یەکەتیشە، ئەمە هەرگیز کەرکوکمان جێنەهێشتووە و هەمیشەش هەر وادەکەین، ئێستاش بە سەرکەوتنی هاوپەیمانیی کەرکوك هەز و ئیرادەمانە، مۆژوویەکی دیکە بە یەکەتییەکەمان دەنووسینەوە و لە قۆناغی دەرین و سەربەرزکەی خەتانەوە مژدەی سەرکەوتن ڕادەگەیەنین".